## نیشانە

# شەڕی کات

**مەهاباد کوردی - سوید**

کات لەژیانی ڕامیاریی هەر نەتەوەو گەلێکدا ڕۆڵو بایەخێکی گرنگی هەیە. قۆستنەوەی کاتو هەلو دەرفەتەکان لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاو چارەنووسسازەکاندا لەلایەن میللەتانەوە ئەوەندە پێویستو پڕ بایەخە کە ئاسان نییە لێرەدا بە چەند دێڕێک باسی لێوە بکرێت. گەلانی زیندووو هۆشیارو چاوکراوەو ژیر بە بەڵگەوە سەلماندوویانە کە یەکێک لەهۆیە هەرە سەرەکییەکانی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییو نیشتمانییەکانیان، بەپلەی یەکەم سوود وەرگرتن بووە لەکاتی گونجاو، دواییش بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دروستو ڕێکوپێکو زیرەکانە بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لەپێناویاندا تێکۆشاونو بێگومان قوربانیشیان بۆ داون.

ئایا لە دنیادا چ میللەتێک هەیە بێ خەباتو قوربانیو ماندووبوونو خوێنو شەونخوونیو قۆستنەوەی هەلو دەرفەتە لەبارو گونجاوەکانیش، جا بە ڕاددەیەکی کەم بێت یا زۆر، گەیشتبێت بە هیواو ئامانجە دێرینو لەپێشینەکانی خۆی؟، لێکدانەوەیەکی وا هەر بەتەنێ گەلانو نەتەوەکان ناگرێتەوە. تەنانەت تاکەکەسەکانیش ئەگەر خۆیان هیچیان لەباردا نەبێت، دیارە قسەم لەسەر مشەخۆرو گەندەڵو ماستاو ساردکەرەوەو ملهوڕو دیکتاتۆرەکان نییە، ئاسان نییە هەروا خوتو خۆڕاییو بێ چ هەوڵو کۆششێک بگەن بەو شتانەی کە چاویان تێبڕیون.

ئێمەی کورد هەر لە منداڵییەوە بەو بیرۆکە یا فەلسەفە یانیش هەر ناوێکی دیکەی لێ بنرێت، پەروەردە کراوینو ڕاهێنراوین کە (ئەمڕۆ نا سبەی) دەبین بە شتو وەک میللەتانی تری جیهان حیسابمان بۆ دەکرێت. با کەس ئەم ڕستەیەی من بە بێهیواییو ڕەشبینی وەرنەگرێت، لێ وەک ڕاستییەک سەیری بکات. هێشتا چاک لە یادمە هەر لەسەردەمی زارۆکیمەوە لەگوندەکەمان بەئێمەی منداڵانیان دەگوت فڵان کەس وا لەبەغدایەو مافی کوردان بەدەست دێنێت. گەلێ جاریش گوێمان لە سەردانی (وەفدی کوردی) دەبوو، بەبێ ئەوەی سەرەدەری لەمانای دەستەواژەکە بکەین. ناشوکری نەبێ کەسیش نەبوو تێمان بگەیەنێت داخوا (وەفدی کوردی) چییەو کێ لەخۆ دەگرێتو بۆچی دروستیش بووە؟.

ساڵان یەک لەدوای یەک هاتنو ڕۆیشتن. ئێمەش تەمەنی شیرینی زارۆکیمان بەڕێکرد. وردە وردە شتانیش فێربووین. بە دەیان شاندی کوردیشمان بەرەو بەغدای نەفرەتی بینیو هەروەها کە گەڕانەوەش بە دەستی خاڵییەوە دیسان هەر ئەوانمان بینییەوە. بەڵام ئەوان وەک ئەوەی نە بایان بینیبێو نە باران، هەنووکەشی لەگەڵدا بێ خەریکن وەفدو مەفد پێکدێننو بەغدایان لێ بووەتە قیبلەو ڕووگەی هەمیشەییان. هەر جارێکیش کە لەبەغدا کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەنو مایەپووچو دەست خاڵی دێنەوە، دیسانەوە سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بەدروستکردنی لیژنەو کۆمیتان. ئیتر بەو شێوەیە بازنەکە دەسووڕێتەوەو چش پێناچێ لە خولانەوە بوەستێت. ئەرێ بەڕاست کورد توانیویەتی یان بیری لەوەکردۆتەوە شەڕی کات لەگەڵ دوژمنەکانی بکاتو بۆ تەنیا جارێکیش بێ لێیان بباتەوە!؟ بەرسڤی ئەم پرسیارە بەر لەوەی لای خەڵکی ئاساییو ڕەشۆکیو هیچ حیساب بۆ نەکراوی کورد بدۆزینەوە، بێگومان لە گیرفانو باخەڵی سەرانی کورددا سەوزەڵەگیان دەڵێ!

# سەلما حایک سەرسامە بە (لیونیل میسی)



سەلما حایک جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو سەرسامە بە (لیونیل میسی)و لەلای ئەو باشترین یاریزانە، بەڵام هاندەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی خۆیەتی کە (مەکسیک)ەو لە مۆندیالدا پاڵپشتیی دەکات.

سەلما حایک هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەو هاندەرێکی زۆر باشی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینەو وتی : هەڵبژاردەی ئەرژەنتین خاوەن باشترین یاریزانە بەلای منەوە کە ئەویش (میسی)یەو من زۆر سەرسامم بە یاری ئەم یاریزانە، بەڵام من سەد لەسەد لەگەڵ هەڵبژاردەی مەکسیکم کە هەڵبژاردەی وڵاتی خۆمە".

جێی باسە یارییەکانی مۆندیالی ئەمساڵ جگە لەوەی کە خەڵکێکیی ئاسایی زۆری لەسەرتاسەری جیهان بەخۆوە سەرقاڵ کردووە تەنانەت لەسەر ئاستی ئەستێرەکانی هونەرو سینەماشدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووەو مۆندیالی ئەمساڵ توانیوێتی ئەو توێژەش بە یارییەکانو ئاکامەکانی سەرقاڵ بکات. بەڵام دواجار هەر کەسەو سەرکەوتنی هەڵبژاردەی وڵاتی خۆی لەلا مەبەستە.

# با تەمەنت کورت نەبێت، زۆر تەماشای تەلەفزیۆن مەکە



گروپێک لەزاناو پسپۆڕی بەریتانیی لەئاکامی توێژینەوەیەک گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە زۆر تەماشاکردنی تەلەفزیۆن دەبێتە هۆی کورتبوونەوەی تەمەنی مرۆڤ.

ئەو لێکۆڵەرەوانە هێمایان بۆ ئەوەکرد کە زۆر تەماشاکردنی تەلەفزیۆن کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی مرۆڤو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەر کاتژمێرێک لەتەماشاکردنی تەلەفزیۆن لە ٧%ی ئەگەری تووشبوون بەنەخۆشی دڵ لەلای مرۆڤ زیاد دەکات.

بەو واتایە ئەگەر کەسێک ڕۆژانە چوار کاتژمێر تەماشای تەلەفزیۆن بکات، ئەوا ڕێژەی ئەگەری تووشبوونی بەنەخۆشییەکانی دڵ روو لە هەڵکشان دەکاتو تەنانەت دەگاتە لە ٢٨%.

لێکۆڵینەوەی ناوبراو لەسەر (١٣١٩٧) کەس ئەنجامدراوەو لەرابردوودا خاوەن تەندروستییەکی باش بوون، بەڵام لەماوەی چەند ساڵێکدا بەهۆی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەوە لەو ڕێژەیە (٣٧٣) کەسیان دووچاری نەخۆشی دڵبوون.

## بیباکم



**گۆشەیەکی هەفتانەیە (ئیدریس شەیداهۆ) دەینوسێت:**

# کوا پرۆژەکانی سلێمانی..!

هەموو قسەو لێکدانەوەی کەسان ئەوەبوو، کە ئەو چەندین ساڵەی حکومەت بەدەست پارتیەوەبوو، سەرجەم پرۆژەکان هەر لەهەولێرو دەڤەری خۆیان بوو، هەرواش بوو، چەندین شەقامی گەورەو باڵەخانەو شوێنو پارکی تازەو شتی تریان دروستکرد، کار گەیشتە ئەوەی هەموو خەڵک وا پێشبینییان دەکرد ئەگەر ئەمجارە حکومەت بکەوێتەوە دەست یەکێتی، ئیدی بەهەموو پێوەرێک نۆرەی پرۆژەو نۆژەنکردنەوەی سلێمانییە، ئەو هەولێرەی جاران بەگوندێکی گەورە ناویان دەبرد، ئەمڕۆ بەفیعلی بۆتە پایتەخت، کەچی ئەو سلێمانییەی جاران لوبنانێک بوو بۆخۆی، ئەمڕۆ گوندێکی ناو شاخەکانەو هیچی تر.. بۆیەش دەڵێم حکومەتی پارتیو یەکێتی، چونکە هێشتا هەر سیمای دوو ئیدارەیی هەر ماوە..

شەقامێک لەو شارە نادۆزیتەوە تاسەکانی سەروپێ لەگەدەدا هەرس نەکەن، کۆڵانێک نادۆزیتەوە لەبەر پیسایی تووشی دەیان دەردو مەینەت نەبی، لەیەک باغ زیاترمان نییە بۆ شارێکی ملیۆنو قسوور کەسیی، هێشتا لێرە ئاو بەچەند ڕۆژ جارێک دابەش دەکرێ، گەڕەکی وا هەیە وەک سەردەمی حەفتاکان بەتەنکەر ئاوی بۆ دەچێ..!

ئەوە چەند مانگێکە حکومەتی تازە دەست بەکاربووە، بەردی بناغەی کامە پرۆژە لەو شارە دانراوە..؟! کامە پرۆژە پێش ئەویتر کەوتووە لەبەر زەرووڕەتی خەڵکو جوانیی شارەکە..! کام دایەرە لەبەر نارێکیی شوێنەکەیو قەرەباڵغی گواستراوەتەوە بۆ بینای تازە..؟ هێشتا سێ بەشی دایەرەی حکومەت کرێچی ماڵانەو لەلاکۆڵانان دەوام دەکەن، ئەگەر بۆ چەند ساتێک لەشەقامێکی گشتی بوەستی، چەندین کەس پرسیارت لێدەکەن، ئەرێ فلان دایەرە لەکام کۆڵانە..؟ دایەرەی وا هەیە هەر مانگەو لەگەڕەکێکە، ئیدی نازانی چۆن وەڵامی ئەو خەڵکە بدەیتەوە، کرێی یەک مانگی ئەو هەموو خانووەی کەبۆ خانەنشینان دەدرێ، بینایەکی گەورەی پێدروستدەکرێ، کەبەشی سەرجەم خانەنشینانی شارەکە بکا، کەچی سەرەداوی هیچ ئومێدی دروستکردنی باڵەخانەیەکی لەو جۆرە دیار نییە.. پێم سەیرە، لەوڵاتان خەڵک ناوی سەرۆکی شارەوانی شارەکەیان وەک ناوی خۆیان لەبەرە، ئێستاش نیوەی زیاتری خەڵکی ئەو شارە نازانن کێ سەرۆکی شارەوانییە، کێ پارێزگارە، ئەو شارە هەر خودا خۆی بەڕێوەی دەبا..! خەڵکەکەی وشیارن، ئەگەر نا هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە.

سلێمانی شاری هونەرمەندانو شاری شێخی نەمرو چەندین قارەمانی دیکە، ئەمڕۆ وا بێناز کەوتووە، ئەوە قسەی هەموو ئەو خەڵکانەیە کەساڵانێکە لەشارەکەی خۆیان دوورنو کەدێنەوە، خەم دایاندەگرێو بۆ حاڵی شارەکەیان دەگرین، کە دوای هەژدە ساڵ لەحوکمی خۆیی، ئەمە حاڵی بێ، ئایا ئەمەش بەشێک نییە لەو دوو ئیدارەییەی کەچەند ساڵێکە دەڵێن یەکیان گرتووە..!؟ ئەو فەرامۆشکردنەی سلێمانیو ئەو هەموو پرۆژەی هەولێر بەشێک نییە لەسیاسەتی هەردوو برا..! ئەی ئەگەر ئەوە نەبێ چیترە..؟ ڕەنگبێ تەنها ئەوە مابێتەوە بڵێین چەندین ساڵە ئەو پارەیەی کەبۆ ئاوەدانکردنەوەی هەولێر تەرخانکراوە هەمان پارەش بۆ ئێرە تەرخانکراوە، ئەی بۆ ئەوێ وایەو ئێرە وایە، ئێوە خۆتان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، من هەقم نییە..!

# دەستکێشەکەی جاکسۆن بە ١٩٠ هەزار دۆلار فرۆشرا



لە زیادکردنێکی ئاشکرا کە لە شاری لاسوگاسی وڵاتی ئەمریکا ئەنجامدرا، دەستکێشەکانی گۆرانیبێژی کۆچکردووی پۆپی ئەمریکیی (مایکل جاکسۆن) بە بڕی ١٩٠ هەزار دۆلار فرۆشرا. هەر لەو زیادکردنەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئەو دەستکێشانە بەشێکن لەو کەلوپەلانەی کە لە دوای کۆچی دوایی ئەستێرەی پۆپی جیهان مایکل جاکسۆن بەجێماوەو دەستکێشەکانیش بە مرواری نەخشێنراوە.

خانمێک لە شاری لۆس ئەنجلۆس ئەو دەستکێشانەی مایکل جاکسۆنی کڕیوەو لە سەرەتای زیادکردنەکەدا ئامادەیی ئەوەی دەربڕیوە کە دە هێندەی نرخی مەزەندەکراوی ئەو دەستکێشانە بدات تا وەکو ببێتە موڵکی ئەو.

جێی باسە ئەو زیادکردنە هاوکات بوو بە ئەنجامدانی یادکردنەوەکانی کۆچی ئەم ئەستێرە جیهانییە لە سەرتاسەری جیهان کە پارساڵ کۆچی دوایی کردو هۆگرانی دەنگی ئەم ئەستێرەیەی لە سەرتاسەری جیهان نیگەران کرد.

# نمایشێکی جلوبەرگ لە زیندان کۆتایی دێت



پاش یەکەمین نمایشی هاوبەشیی جلوبەرگی نێوان ژنو پیاو لە شاری خەرتوم، نزیکەی بیست کەس دەستبەسەرکران کە ژمارەیەک لە دەستبەسەرکراوەکان ئەو گەنجە نمایشکارانە بوون کە بەشدارییان تێدا کردبوو.

کۆمەڵێک لە کوڕو کچی لاو نمایشێکی هاوبەشیی جلوبەرگیان لە یانەی میللی لە شاری خەرتوم ئەنجامدا کە پێکهاتەیەک بوو لە نمایشکردنی جلوبەرگی ڕۆژئاواییو چەند جلوبەرگێکی دیزاینکراو لەلایەن خانمێکی سودانییەوە، نمایشکردنەکەش لە بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە کەسو خزمە نزیکەکانی خۆیان ئەنجامدرا.

لە دوا ساتەکانی نمایشەکەش پۆلیس کە لە ناوچەی نمایشەکەوە نزیک بوون زیاد لە ٢٥ کوڕو کچیان دەستبەسەرکرد بە تۆمەتی ئەوەی کە مۆڵەتیان لە ماڵەوە وەرنەگرتبوو کە تا درەنگانێکی شەو بمێننەوەو هەندێکی تریشیان بەو تۆمەتی کە ماددەی کهولییەکان خواردبۆوە.

ڕەشا نمەیری کە نمایشکارێکی جلوبەرگی ئەو شەوە بووو لەدایکبووی وڵاتی سودان بوو بەڵام هەڵگری ڕەگەزناکەی ئەمریکییە وتی:"شەوم لە بەندیخانە بردەسەر، تائێستاش نازانم بۆچی دەستبەسەریان کردین؟".

جێی باسە ئەمە یەکەمین جارە نمایشی جلوبەرگ بە هاوبەشیی ژنو پیاو پێکەوە لەو وڵاتە ئەنجام بدرێت.